# ئێراق و کوردەکان زۆر خۆشحاڵ نین

**هەولێر/** حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕاکێشکردنی سەرمایەگوزارانی دەرەکی، زۆر جار خۆی وەک "دەروازەی ئێراق" دەناسێنی. ئەگەر سەرمایەگوزاران لە بەشی هەرە سەقامگرتووی وڵات بۆ سات وسەودا بنکەی بازرگانی دامەزرێنن، کوردەکان دەڵێن کە کاتیک بەشەکانی تری ئێراق بۆ کاروباری بازرگانی لەبار بۆوە، ئەوان زەمانەت دەکرێن کە لە ڕیزی هەرە پێشەوە داندرێن. هەتا ئێستا لە دوو فرۆکەخانەی نێونەتەوەیی کوردستان و لە سەر سنووری ئێران و تورکیا، دانی ویزا بەو کەسانەی بۆ هاتووچۆکردنی بەغدا بە ویدا تێپەڕدەبن، لە لای کاربەدەستانی حکومەتی ناوەندی دانیپێدانراوە. بە هەزاران بازرگان و ڕۆژنامەوان لەو هاتنە ژوورە هاسانە بۆ ئێراق سوودیان وەرگرتووە. بەڵام سەرۆکوەزیری ئێراق، نووری ئەلمالکی، لەو دواییانەدا ڕایگەیاند کە ئەو بێگانانەی لە ڕێگەی کوردستانەوە هاتوونەتە ناو خاکی ئێراق بە بێ ویزای کاربەدەستانی ناوەندی، دەستگیر دەکردرێن و وەدەردەندرێن. ئەوسا، لە حاڵی ئێستاکەدا، "دەروازە"کە داخراوە. ڕێزدار مالکی لەوانەیە مەبەستی لەوە کارە ئەوە بێ کە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نیشان بدا ئاخۆ کێ لە کۆتاییدا سزادەدرێ.

لەو ساڵانەی دواییدا کوردەکانی ئێراق سەرەڕای ئەوە کە لە ئاست باری ئاسایشی ناوچەکەیان شایانی بەخێلی پێ بردنن، لە مەیدانی سیاسەتی ئێراق دا وەداوا کەوتوون. وەکی لە بەشەکانی دیکەی ئێراق توندوتیژیی ڕووی لە کەمبوون کردوە، کێشەی سەر ناوچەکانی تر لە نێوانی کورد و عەرەبدا، لە پارێزگای کەرکوک و بەشێک لە پارێزگاکانی نەینەوا و دیالە، دیسان زۆر مەترسیدارتر بووەتەوە. هەروەها کوردەکان بە هۆی شکستی بەردەوامیان لە یەکلاکردنەوەی پێکهاتنی ئاست قانوونی نەوت لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، زۆر تورەن

کوردەکان ئێشتاش خوازیاری ڕاپرسی بۆ یەکلاکردنەوەی کەرکوک و ناوچە کوردنشینەکانی ترن، کە لە زەمانی سەدام حوسێندا "بە عەرەب کراون، و دەبێ ببنە بەشێک لە حکومەتی هەرێمی کوردستان. بە گوێرەی یاسای بنەڕەتی ئەو ڕاپرسییە دەبوایە لە کۆتایی ساڵی 2007دا هاتبا ئاراوە، بەڵام ئەو ڕاپرسییە پەیتاپەیتا وەدواخراوە و، هەندێک لە عەرەبەکانیش باس لەوە دەکەن کە مەرجی یاسایی کاتی تێپەڕیوە. کوردەکان هەروەها داوای مافی بەڕێوەبردن و هەڵێنجانی کانگاکانی نەوت لە ناوچەی خۆیان دەکەن، هەرچەند دەڵێن کە ئەوان بە دابەشکردنی یەکسانی داهات لەگەڵ بەشەکانی تری ئێراق درێژەدەدەن.

لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان کە لە کۆتایی مانگدا، لە سەرجەم 18 پارێزگای ئێراق 14 پارێزگا (بەڵام نەک لە سێ پارێزگای کوردنشین و کەرکوک)، بە ئەمجام گەیشت، حیزبە کوردییەکان لە پارێزگاکانی تێکەڵاوی نەینەوا و دیالەدا بە حیزبە سونییەکانیان دۆڕاند، کە لە پێشدا هەڵبژاردنیان بایکوت کردبوو. گرژی لە نێوان کورد و عەرەب بە تایبەت لەو ناوچانەدا بەرز بووەتەوە. لە پارێزگای نەینەوا، گرووپێکی دژە کوردی عەرەبی سونی بە ناوی ئەلحەدبا بە (ناوێکی عەرەبی بۆ موسڵ، پایتەختی پارێزگا)، بە ڕێژەی 49 لەسەت لە ئەنجومەنی پارێزگا دەنگیان هێناوە. کوردەکان کە لە هەڵبژاردنی پێشوودا بردیانەوە بە لانی زۆرەوە بە هۆی بایکۆتکردنی عەرەبەکان بوو.

زۆرێک لە کوردەکان لەوە نیگەرانن کە لەوانەیە دیسان پیاوێکی بەهێز لە بەغدا پەیدا بێتەوە. ڕاپۆرتکراوە کە جێگری پەرلەمانی کوردستان ڕێزدار مالکی وەک "سەدامی دووەهەم" ناو بردوە. بە پشتگری ئەمریکا، سەرۆکوەزیر



دەسەڵاتی خۆی بەهێزتر کردوە. حیزبی شیعە ئایینی مالکی لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا لە سەر بنچینەی پلاتفۆرمێکی بە نیسبەت سیکولەرانەی نەزم و یاسا، سەرکەوتنی بەدەستهێنا. ئەو خوازیاری حکومەتێکی بەهێزی ناوەندییە کە کوردەکان بە بۆنەی ئەوە کە لە دەست سەدام حوسێن ئازاریان چێشتوە، لێی بێزارن. سیاسەتمەدارانی عەرەب، بە ئاشکرایی لە ژێر تاکتیکی پشتگری ئەمریکادا، لەبەر ئەو شتەی ئەوان بە "کەلەڕەقی"یان ناویان بردوە، زۆر ئاواڵا دەستیان بە گاڵتەجاڕی کوردان کردوە. ڕێزدار مالکی و مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێک نین و لە ماوەی چەندی مانگاندا پێکەوە کۆنەبوونەتەوە.

ڕێزدار مالکی مافی کۆنترۆڵکردنی هێندێک لە ناوچەکانی کێشەداری وەک شاری خانەقین و بەشێک لە پارێزگای کەرکوک بە دەست کوردانی بردوەتە ژێر پرسیار. ئەو هەروەها هێزەکانی سەربازی ئێراقی بە مەبەستی تاقیکردنەوەی دژکردەوەی کوردەکان ناردە سەریان، بەڵام کوردەکان هەتا ئێستا ڕێگەیان بەوە نەداوە کە بۆ شەڕکردن هان بدرێن.

ئەو هەروەها گۆڕانکاری یاسای بنەڕەتی بۆ کەمردنەوەی دەسەڵاتی هەرێم بەرزکردوەتەوە.

دۆخی سیاسی کوردەکان بە هۆی کێشەی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆککۆمار جەلال تاڵەبانی، هێندەی دیکە لاواز بووە. پێنج کەسی پایەبەرزی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەستیان لە کار کێشاوەتەوە و، تاڵەبانیان بە گەلێگ دیکتاتۆر ناوبردوە، بەڵام کاتیک تاڵەبانی ڕایگەیاند کە هەوڵدەدا هێندێک لە داواکارییەکانیان جێبەجێدەکا، ئەوان گەڕانەوە ناو حیزب. بە لێدانی ئەو زەنگە خەتەرە، بارودۆخی سیاسی کوردەکان کەوتە لێژاییەوە. نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەواڵ لە مۆتەی شەڕ لەگەڵ عەربەکانی ئێراق دەگەیەنێ و، داوای لە ئەمریکاییەکان کردوە کە پێش کشاندنەوەی هێزەکانیان لە ئێراق، پرسە چارەسەرنەکراوەکان جێبەجێبکەن.

هەرچۆنێک بی هەتا ئێستا بەسەرهاتی خۆشەویستی کوردەکان سەبارەت بە ئەمریکا یەکلایەنە دەرکەوتوە. سەرۆکوەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستان نەک بۆ یەکەم جار کوتوویەتی "ئێمە خۆشمان دەوێن بەڵام ئەوان گوێ نادەنێ. کاتێک ئێمە شتیک سەبارەت بە پاراستنی مافەکانی گەلەکەمان دەڵێن، ئەوان ئەوەی وەک گرفتێک بۆ تێکدانی سیاسەتەکانیان لە ئێراق دەبینن." ژمارەیەک لە دیپلۆماتەکانی ڕۆژئاوا مەترسی ئەوەیان هەیە کە گرژی نێوان کورد و عەرەب جارێکی تر سەرهەڵداتەوە و، پێیانوایە ئەمریکاییەکان دەبێ لە مەڕ ئەوەی شتێکی زیاتر بکردرێ کە نەتەوەیەکگرتوەکان و هەڵبەت یەکێتی ئورووپاش بۆ هاتنەدی ڕێکەوتنێک تێوەگلێن. کوردەکان دەخوازن کە سەرۆککۆمار ئۆباما نوێنەرێکی تایبەت بۆ خۆتێوەردان لە مەسەلەکە دیاری بکا، بەڵام سەرۆککۆمار هیچ هێمایەک بۆ جێبەجێکردنی ئەو داوایە نیشان نادا. ژێنراڵێکی ئەمریکایی دەڵێ دەزگای ئیداری نوێ لەوانەیە ئێستاش بیهەوێ "پرسەکە وەدوابخات و بیگخێنێ".

**لە ئینگلیسییەوە: قاسم ڕەیانی**

**ئیکۆنۆمیست:** 20090219
www.economist.com

**کاتی وەرگێران:** 2009/03/02، **ستۆکهۆڵم،**
ghasem98@hotmail.com

# هاندان و پشتگیری

لەمێژوی ئەدەبی گەلان هەندی نووسین و ڕۆمانی زۆر سەرکەوتوو، بەهۆی ئافەرینی هەڤاڵێکی دلسۆز یان هاندانیک پەیدا بووە.

ڕۆژێکیان (نەسانیەل هۆسۆن) بەهۆی هەڵەیەکی زەقەوە خاوەنکارەکەی بەقسەیەکی ڕەق پێی دەڵێ: "بڕۆ لێرە نەمینێی چیتر پیویستیمان بەتۆ نیە." نەساینەل بەدلشکاوی و خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە باڵەخانەی کارەکەی بەجێ هێشت و بەملشۆری بەرەو ماڵەکەی خۆی گەڕاوە، کە گەیشتەوە ماڵ بە منجە منج بەسەرهاتەکەی بۆ سۆفیای هاوسەری گێڕاوە ووتی حەیف بەهۆی هەڵە و فەشەلی خۆمەوە کارەکەم لەدەستدا و دەریان کردم.

پاش تاوێک بێدەنگی سۆفیای ژنی بە زەردەخەنەوە گوتی خەبەرێکی زۆر خۆشە ئێستا دەتوانی کتێبەکەت بنووسی .

نەسانیەل گوتی چۆن بەم بێکارییە هەولبدەم بنووسم، گرفتەکەش ئەوەیە بڕواناکەم وابەئاسانی کارێک بدۆزمەوە پاشان گریمان دەستمکرد بەنووسین ئەی بەچی بژین! پارەمان لەکوێ بۆدێت.

سۆفیا دەستی هاوسەرەکەی گرت و بردیە (ناندین _موبەق) چەکمەزەیەکی ڕاکێشاو سنوقێکی دەرهینا کە پڕاو پڕبوو لە پارەی کاش! ناسانیەل شاگەشکە بو بەسەرسووڕمانەوە هاواری کرد بۆخاتری خوا ئەم پارەیەت لە کوێ بو پارەی کێیە؟

سۆفیا گۆتی پارەی خۆمانە من دەمزانی تۆ ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەگەر چانست هەبیت دەبیتە نووسەرێکی مەزن. منیش لەوبڕە پارەی تۆ هەفتانە بۆ خەرجی ڕۆژانەی ماڵ بەمنت ئەدا چەندی بمتوانیایە لێم گل ئەدایەوە پاشەکەوتم دەکرد ، ئیستا تۆ شەنست هەلساوە ئیتر بایی ئەوەمان هەیە ساڵێکی تەواو پێی بژین.

نەساینەل گۆتی های لەم پێشهاتە چ پشتگیری و دیارییەکی بەنرخە چ هاوسەرێکە. ناسانیەل ئەوساڵە خەریکی نووسینی ڕۆمانی "نامە قرمزی"بوو کە شاکارێکی ئەدەبیە لەسەرانسەری دونیادا.

A پیتی سووری (*) باجی شەرمەزاری بوو کە دەبوو ژنی بەدرەوشت لە سەدەی ١٧هەمدا بە بەرۆکی خۆی هەڵیواسیایە بۆ ناسینەوە و شەرمەزار کردنی.

The scarlet letter نامەی قرمزی By Nathaniel Hawthorne ڕۆمانێکی نووسەری بەناوبانگی ئەمریکی نەسانیەل هۆسۆنە(١٨٠٤-١٨٦٤) بەملیون کۆپی لێ چاپ کراوەو چەندین جار کراوەتە فیلم. باسی کێشەیەک دەکات لەسەدەی ١٧ هەمدا روویداوە لە کاتێکی هاویندا ئافرەتێکی گەنج بەناوی (هێستە پرین) لە زیندانی شارەدێی پیرەتەن کە منالە شیرە خۆرەکەشی لە باوەشی دا بوو دەیهێننە دەرەوە پارچە پەرۆکێکی سووری بەسەر سنگیەوە دەکەن کە لە شێوەی پیت کەپیتالی ئەی ئینگلیزی بوو بۆ ئەوەی خەلک بزانی کاری زینای ئەنجام داوە. A ( adultery) ئەو باجەی شەرمەزارییەیان پێوەکرد تا خەلک بی بینن و بانگیان بەناو خەلک ڕاهێشت کە (هێستە) بەسزای زیناکردن حوکمدراوە. وەختی خۆی ئەو باجەی شەرمەزاری لەئەورووپاش هەبووە بەتایبەتی لەلایەن دەستەڵاتی نازی کە بەبەرۆکی جولەکەکان وەدەکرا بۆ ناسینەوەیان بۆ زانیاری پتر سەیری سایتی بەناوبانگی (ویکیپیدیا) بکەن.

بەداخەوە لەکۆمەلی کوردەواریشدا لەسەردەمی زوودا جاری وا بووە ئافرەتی بەدرەوشتیان سزا داوە سەریان تاشیوە خۆل و دۆیان بەسەردا کردووە بەسواری گوێدرێژەوە لەناو گوند گەڕاندوویانە ، یان لووتیان بڕیوە هەندی جار لوتی پیاویشیان لەسەر گەندەلی و بەدرەووشتی بڕیوە لەم سەردەمەی جێبەجێکردنی جاری مافی مرۆڤیشدا بەسەدان ئافرەتیان بە ئاگری پڕایمز سووتاندووە یان بەگوللە کوشتوویانە. ڕەنگە لە داهاتوودا پەرەمیز ببێتە سیمبولی شەرمەزاری ئەم سەردەمەی کۆمەلگای دواکەوتووی سەرلێشێواوی کوردی.



**مستەفا رابەر**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕێنسانس**

# کافینی قاوە لە توێژینەوەیەکی نوێدا

توێژینەوەیەکی زانستی ئەمریکی پێیوایە کە خواردنەوەی قاوە بە بڕێکی کەم یارمەتی چالاک بوونی دڵ دەدات، هەروەها دەڵێ ئەو ژنانەی کە ڕۆژانە دوو کوپ قاوە دەخۆنەوە بە ڕێژەی 24% لە مەترسی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ دوور دەکەونەوە. ئەو تۆژینەوەیە پانزە ساڵی خایاندووەو لەسەر 27 هەزار ژندا تاقیکردوەتەوە.

توێژینەوەکە کە چەند زانایەکی ئەمریکی لە ناوەندی زانستەکان ئەنجامیان دابوو دەڵی کاریگەری کافینی قاوە لەسەر ژنان جیاوازترە وەک لەسەر پیاوان.

تۆژینەوەکە دەڵێ: قاوە کۆلیسترۆلی خوێن چالاک ناکات و یارمەتی دابەزاندن کێشی لەشیش نادات کە بەم شێوەیە باسی لێوەدەکرێ.!



لەلایەکی دیکەوە هەندێک پێیانوایە کە تاڵیەکەی قاوە بۆ کافین دەگەڕێتەوە

ئەمەش کاریگەری لەسەر دابەزینی کێشی قاوەخۆر دادەنێ،

بەڵام توێژەران دەڵێن: ' کافیین قاوە تاڵ ناکات، بەڵکو تاڵی قاوە بۆ دوو هۆکاری دیکە دەگەڕێتەوە، یەکەمین کاتێ لە دار لێدەکرێتەوە، دەبرژێندرێ، دووەمیان چۆنێتی ئامادەکردنی قاوە بۆ خواردنەوە. ئەو دوانە کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر تاڵبوونی قاوە دادەنێن.

ئەوەش ئاکامی تۆژینەوەی تیمێکی هاوبەشی توێژەرانی ئەمەریکا و ئەڵمانیایە کە لە زانکۆی میونش بەسەرپەرشتی "Thomas Hofmann" ئەنجام دراوە.

جێی ئاماژەیە کە ژمارەی ئەو کوپە قاوانەی لەهەر چرکەیەکدا لە جیهاندا دەخورێنەوە دەگاتە 12 هەزار و 600 کوپ قاوە!

**ئامادەکردنی: شەونم**


رۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

**خاوەنی ئیمتیاز:**
رێکار ئەحمەد

**سەرنووسەر:**
حوسێن حەسەن

**ژمارە تەلەفۆنی خاوەنی ئیمتیاز:**
07501191497

**ژمارە تەلەفۆنی سەرنووسەر:**
07504471631

**ئۆفیسی سلێمانی**
گەڕەکی رزگاری،
نزیک مزگەوتی حەزرەتی ئیبراهیم،
بەرانبەر زانکۆی ئەمریکا،
ژمارەی تەلەفۆن 0532109256

**ئۆفیسی هەولێر**
شەقامی شەست مەتری
گەڕەکی رزگاری
نزیک ئاسایشی گشتی
ژمارەی تەلەفۆن 07501179846

**ئۆفیسی کەرکوک**
حەسیرەکە،
بەرانبەر نەخۆشخانەی رزگاری،
ژمارەی تەلەفۆن 07701325080

**ئۆفیسی رانیە**
شەقامی نالی،
تەنیشت گەراجی عەباس
کتێبخانەی رۆژی گەل
ژمارەی تەلەفۆن 07501163805

This document was created with Win2PDF available at http://www.win2pdf.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.
This page will not be added after purchasing Win2PDF.